سەرۆک کۆمار جەختی لەگرنگی پشتیوانیکردنی هێزەکانی حکومەت کردەوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی

ئەمڕۆ سەشەممە، سەرۆک کۆمار عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید جەختی لە گرنگی هاودەنگی و هاوکاری نێوان هێزە سیاسییەکان کردەوە بە مەبەستی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و پشتگیریکردن لە هێزەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەیدا.

لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆماردا هاتووە" سەرۆک کۆمار، عەبدولەتیف جەمال ڕەشید، لە کۆشکی بەغدا پێشوازی لە سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، یاسر مالیکی کرد و لەکۆبوونەوەیەکدا باس لە پێشهاتە گشتییەکانی وڵات کرا.

سەرۆک کۆمار جەختی لەگرنگی هاوپشتی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکان کردەوە لە پێناو زیاتر بەرپاکردنی ئاسایش و سەقامگیری، هەروەها پاڵپشتیکردنی هێزەکانی حکومەت بە جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی و باشترکردنی ڕەوشی ژیان و پاڵپشتیکردنی پرۆژە خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانەکان.

لای خۆیەوە سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا پێشنیارەکانی سەرۆکی کۆمار سەبارەت بە پێویستی هاوکاری نێوان هێزە سیاسییەکان بە پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان بە هاووڵاتیان بەرز نرخاند.